# مانگرتنی سەرکەوتوانەی ٢٣ی گوڵان،
# جوابی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە رژیمی ئیسلامی ئێران

هەروەک چاوەڕوان دەکرا، جەماوەری خەڵکی تێکۆشەر و خەباتکاری کوردستان، دوێنێ پێنج شەممە ٢٣ی گوڵان، جارێکیتریش عەزم و ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و یەکگرتوویان هێنایەوە سەر شانۆ و بە ئێعتراز بە ئێعدامی پێنج تێکۆشەری سیاسی، واتە؛ فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەمهۆڵی، مێهدی ئیسلامیان، فەرهاد وەکیلی و عەلی حەیدەریان، بە داخستنی دوکان و بازار و تەعتیل کردنی مەدرەسە، دانشگا و نەچوونە سەر کار، لە سەرتاسەری کوردستان دەستیان دایە مانگرتنێکی گشتی و جەماوەری.

هەموو هەواڵ و زانیاریەکان بە روونی ئەوە نیشان دەدەن کە خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخواز لە سەرتاسەری کوردستان هەر لە کرماشانەوە تا پیرانشار، شان بە شانی یەکتر بە دەنگ بانگەوازی ئەم مانگرتنەوە هاتن و لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان؛ لە نەوسود، کامیاران، سنە، دیواندەرە، مەریوان، سەقز، بۆکان، مەهاباد، سەردەشت، خانێ و گەلێک شوێنی دیکە کاریان وەستاند و کوردستان رواڵەتی تەعتیلی بە خۆوە گرت.

چۆڵ بوون و بێدەنگی خیابان و شەقام و دانشگا و مەدرەسەکانی کوردستان، پەردەیەک لە سەمفۆنیایەکی شکۆدارە کە لە لایەکەوە زایەڵەی شادی سەرکەوتنی یەکجاری بە گوێی دڵی خەڵکی تامەزرۆی عەشق بە ئینسان و ئازادیدا دەچرپێنێ و لەو لاشەوە ترس و سامی فەوتان و نەمان دەخاتە دڵی ستەمکاران و چەوسێنەرانەوە.

مانگرتنی سەرکەوتوانەی ٢٣ی گوڵان، جوابێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەر و خەباتکاری کوردستان بوو بە سیاسەتی ناسراوی رژیمی فاشیستی ئیسلامی ئێران، واتە سیاسەتی زەبرو زەنگ و تۆقاندن و چاوترسێن کردن. هاتنەوە مەیدانی یەکگرتوانەی جەماوەری خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، نیشاندەری دووبارەی ئەو راستیەیە کە ئەم خەڵکە کۆڵنەدەرە هەم بە باشی لە ویست و ماف و داخوازەکانی خۆی گەیشتوە و هەم سیاسەت و پیلانە نێوزڕاوەکانی رژیمی لە لا ئاشکرایە. لە هەمان کاتدا، دیسانەوە و بۆ جارێکی دیکەش لە مانگرتنی ٢٣ی گوڵاندا، ئەوەی دووپات کردەوە کە هەر وەک ٣١ ساڵی رابوردوو نەک هەر هیچ جینایەتێکی رژیم بێ جواب ناهێڵێتەوە، بەڵکوو ئیجازەشی پێنادات بە ئاسانی سیاسەت و پیلانە دژ بە خەڵکییەکانیشی بباتە پێش.

چاوگێڕانێک بە سەر ئەم مانگرتنە و دەسکەوتەکانیدا روونی دەکاتەوە کە خەڵکی خەباتکاری کوردستان، بە تایبەت کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوێ وەستاون و چۆن دەکرێ هەنگاوەکانی داهاتوویان لێکبدەنەوە و تاکتیکەکانیان دەستەبەر بکەن.

ئەمە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەم مانگرتنە گشتییە بە لەبەر چاو گرتنی هەلو مەرج و ترازووی هێزی نێوان خەڵک و رژیم، تاکتیکێکی بەجێ و شێوازێکی موناسب بوو بۆ ئەمرۆ و بۆ ئەم قۆناغە لە خەبات و تێکۆشانمان. شک لەوەشدا نییە کە ئەم مانگرتنە وەک تاکتیکێک، بە تەواوی سەرکەوتوو بوو.

ئەم مانگرتنە تاکتیکێکی موناسب بوو، چون هەروەک خەڵکی وشیار و ئازادیخواز بە باشی دەزانن رژیم بە درێژایی تەمەنی نگریسی، هەڵس و کەوتێکی نیزامی و پۆلیسی لە کوردستان و دژ بە خەڵکی کورد بووە. بە میلیتاریزە و بە ئەمنییەتی کردنی فەزای کوردستان هەر حەرەکەت و داخوازێکی هێمنانەی خەڵکی بە زەبرو زەنگ و بە هێرشی نیزامی و پولیسی، جوابداوەتەوە. لە هەر بیانوو و موناسبەتێکی سیاسی، مێژوویی و فەرهەنگیش کە خەڵک لەوپەڕی هێمنیشدا بەڕێوەیان بردبێت، ئەو دەستی بۆ تیر و شیر کێشان و بۆ گرتن وئەشکەنجە و تیرۆر و ئێعدام بردوە. رووداوەکانی ساڵی ٧٧ی سنە کە کوژرانی چەند کەسێکی لێکەوتەوە و مەسەلەی کوژرانی "شوانەی سەید قادری" نموونەی رۆشنی ئەو هەڵسو کەوتانەی رژیمن. بۆیە هەڵبژاردنی تاکتیکی مانگرتن، بە رادەیەکی زۆر، دەستی رژیم بۆ سەرکوتی نیزامی و پۆلیسی دەبەستێت و "بیانووی" گرتن و تەقە و تیرۆری لێدەستێنێتەوە.

ئەم تاکتیکە لە هەمانکاتدا سەر کەوتوو بوو، چون لە لایەکەوە جیهان جارێکیتریش عەزم و ئیرادەی ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بەچاو بینی کە لە رەچاو کردنی خواست و ماف و ئارەزوەکانتاندا شێلگیرن و بەرانبەر بە سەرکوت و جینایەتەکانی مل کەچ ناکەن. لە لایەکی دیکەشەوە و بۆ جارێکی دیکەش دەر کەوت کە رەمزی سەرکەوتن و پێشڕەویمان لە هاودەنگی و هاوریزیماندایە. لە هەمانکاتدا ئەم مانگرتنەی ئەمجارە و هاودەنگی خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخواز و حیزب و سازمانە سیاسیەکانی کوردستان، بە روونی پێویست بوونی پاراستنی ئەم هاودەنگیە بەرانبەر بە کوللی رژیمی فاشیستی ئیسلامی ئێرانی نیشاندا و

سەلماندی کە لە حەرەکەت و پێشڕەویەکانی داهاتووشماندا چەندە پێویستە ئەم هاودەنگیە رابگیرێت و لە هەر چەشنە حەرەکەتێکی سێکتاریستی و تەکڕەوانە لە بەرانبەر رژیمدا، خۆ بپارێزرێت.
خاڵێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ئەمەیە کە مانگرتن تەنیا تاکتیکێکە و هەمووشت نییە. لەوانەیە هەبن کەسانێک لە نێو خەڵک و بە تایبەت لە نێو لاوانی خوێنگەرمدا کە خوازیاری ئاکسیۆن یان حەرەکەتێکی "رادیکاڵتر" و "لێبڕاوانەتر" بووبێتن. بەڵام دەبێ بزانین کە ئەوەی لە هەر هەنگاوێکی خەباتدا زیاتر گرینگە، دەسکەوتی ئەو خەباتەیە و ئەوەیە کە خەڵک و رژیم لەو حەرەکەتە چۆن دێنە دەرێ و ئەو ئاکسیۆنە دیاریکراوە چ کاردانەوەیەکی لە سەر دوو لایەنی حەرەکەتەکە دەبێت.
لەم مانگرتنەدا کە جوابێکی سیاسی بوو بە جینایەتی لە سێدارەدانی پێنج خەباتکاری سیاسی مەیدانی دیفاع لە دێمۆکراسی و ئازادی ئینسان، خەڵکی تێکۆشەری کوردستان هاودەنگ و یەکپارچە بەرانبەر بە رژیم هاتنە کەوان. بە هەڵبژاردنی ئەم تاکتیکە، هەم لە لایەک هاودەنگی و یەکریزی خۆیانیان دووبارە تاقیکردەوە و هەم رێگایان لە رژیم و کاربەدەستانی بۆ دەستبردن بۆ سەرکوتی نیزامی و پولیسی بەست. جگە لەوە خەڵک هەم بە توندی بەرهەڵستی سیاسەتی سەرکوت و چاوترسێنکردنی خەڵک لە لایەن رژیمەوە بوونەوە و هەم بە هەموان و بە رژیمیشیان سەلماند کە بەرانبەر بە سیاسەتی سەرکوت و زەبرو زەنگی بێدەنگ نامێننەوە.
ئەم مانگرتنە گشتییە لە هەمان کاتدا ئەو پەیامە روونەی پێ بوو کە کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەر لە کوردستان رۆڵە فیداکار و بە دیل گیراوەکانیان لە بیر ناکەن و بەرانبەر بە رژیم بە تەنیایان ناهێڵنەوە. ئەو زیندانییە سیاسیانەی وا لە سیاچاڵەکانی رژیمدان، سەرتۆپ و گوڵچنی هەڵسوڕاوان و تێکۆشەرانی رێگای ئازادی و رزگاری ئینسانن و ئەم حەرەکەتە شۆڕشگێڕانەیەی دوێنێ دەبێ ئەوەی بە رژیم و کاربەدەستانی سەلماندبێ کە ئێعدام و لە سێدارەدانی ئەو ئازیزانە لە لایەن خەڵکەوە بێ جواب نامێنێتەوە.
ئەم مانگرتنە و هاودەنگی بەشی زۆری سازمان و حیزبە کوردستانیەکان لە بانگەواز کردنی مانگرتنەکەدا هۆکارێکی دیاریکراو بوو بۆ راکێشانی بیروڕای گشتی باقی شوێنەکانی ئێران و دەربڕینی پشتیوانیان لە خەباتی خەڵکی کورد. دەور و هەڵسو کەوتی هەڵسووڕاوانی سیاسی دەرەوەی وڵاتیش بە دروشمی نە بۆ ئێعدام، نە بۆ ئەشکەنجە و نە بۆ جومهووری ئیسلامی، لە دەور ئەم مانگرتنە، توانی سەرنج و سەمپاتی بیروڕای نێو نەتەوەییش تا رادەیەکی باش بەرەو ئەم ئاکسیۆنە رابکێشێت.
پێویستە لەم رۆژانەی دوای مانگرتنەکەشدا بە وریاییەوە هەڵسو کەوتی رژیم و دەم و دەزگا سەرکوتگەرەکانی رەچاو بکەن و هیچ بیانوویەکیان بۆ ئاڵۆز کردنی بارودۆخەکە پێنەدەن. هەروەها جێی خۆیەتی کە بە هەر چەشنێک کە بۆتان دەکرێت درێژە بە پشتیوانی و یاریکاری یەکتر بدەن و هەم هەوڵ بدەن کە بە شێوەی موناسب قەرەبووی زەرەر و زیانی یەکتر بکەنەوە و هەم بە تایبەت بنەماڵەی ئەو هاوڕێ گیانبەختکردوانە بە تەنیا دانەنێن و بۆ دڵنەوایی و دەربڕینی هاودەردی لە گەڵیان، سەردانیان بکەن.
لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانین کە جارێکیتریش پیرۆزبایی خۆمان ئاڕاستەی ئێوە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بکەین کە ئاوا لێبڕاوانە و سەرەڕای هەڕەشە و زەبروزەنگ نواندنی رژیم و کاربەدەستانی، لێبڕاو و یەکگرتوو هاتنە مەیدان و عەزم و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خۆتانتان بە رژیم و کاربەدەستانی نیشاندا.
دەستان خۆش و ماندوو نەبن!

**رەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە (فراکسیۆن)**
**٢٤ی گوڵانی ١٣٨٩**
**١٤ای مەی ٢٠١٠**